# دەشتی جەمال لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی لەسەر کیشەی پەنابەران کۆدەبێتەوە



ڕۆژی 11-10-2006 لە دریژەی هەوڵی بەردەوامی فیدراسیۆن سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ بەرگری لە مافی پەنابەران و وەستانەوە دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد، دەشتی جەمال لەپەرلەمانی ئەوروپی لە برۆکسل چاوی کەوت بە بەریز (Halonen.T) سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی بۆپێشکەشکردنی شکایەت نامە لەسەر حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پێشیلکاریەکانی بەرامبەر پەنابەران ،ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن بەریز(Jean Lambert) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی وبەرپرس لەحزبی سەوزی بەریتانیا میوانداری کرا.

لەم دیدارەدا دەشتی جەمال لەسەر بارودۆخی نائەمنی ئیستای عیراق وکوردستان و نادیاری چارەنووسی کوردستان و پەرەسەندی دیاردەی ئاوارەیی و ڕووهینانی خەڵکی عیراق و کوردستان بۆ دەرەوە بەهۆی جەنگ و کاولکاری و نائەمنی و سەرکوت و کوشتن وتیرۆر ونەبوونی سەرچاوەکانی خەدەمات و بژێوی دووا. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی وولاتە ئەوروپی‌یەکان بەگشتی و دەولەتی بەریتانیا بەتایبەتی لە بەرامبەر پەنابەرانی عیراق و کوردستان، کە پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی پەنابەران و مافی نیشتەجیٚ بوونە قسەوباسی کرد. دەشتی جمال ئاماژەی بەوە کرد کە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لە رۆژی 21-11-2005 وە 5-9-2006 بە فرۆکەی سەربازی، وەك ئەسیری جەنگی و کەلەپچەکردن‌و لیدان و سوکایەتی پێکردنیان، ژێرپێنانێکی خەتەرناکی هەموو پرنسیپ وبنەما یاساییە نیودەولەتی‌یەکان و مافەکانی مرۆڤ و کۆنفیدراسیۆنی جنیفی ساڵی 1951 ە، کە حکومەتی بەریتانی یەکیك لەو دەوڵەتانەیە کە ئیمزایان لیداوە. هاوکات رایگەیاند یەکیك لەو پەنابەرانە ئیستا لە خەستەخانەی دڵ کەوتووە لەکوردستان.

لە میانەی قسەوباسەکاندا دەشتی جەمال داوای لەبەرپرسی پەرلەمانی ئەوروپی کرد کە دەوری جدی بگیرن لە بەدوا چوونی ئەم شکایەتنامەیە وفشار خستنە سەر حکومەتی بەریتانیا بۆ ریز گرتن لە مافەکانی پەنابەران‌و راگرتنی فەوری گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد. لەم ڕووەوە سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپی بریاری دا بەدوادا چوون بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە و تەواوی نامەو بەڵگەکانی فیدراسیۆن لەو بارەیەوە بخوینیتەوە. لەم دیدارەدا 2000 ئیمزای پشتیوانی کەسایەتی ورێکخراوە پەنابەری و ئینسان دۆست و کریکاریی لەخواستەکانی پەنابەران و950 ئیمیزای پشتیوانی لەنامەیەکی دەشتی جەمال بۆ بەریزان (جلال تالەبانی و مسعود بارزانی) کە لەسەر مافی مرۆڤ لەکوردستاندا ئاراستەیان کراوە و هەروەها چەند نامەو بەڵگەی پێویستی تایبەت بەوەزعیەتی پەنابەران و نامەیەك کە پێشتر ئاراستەی تونی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کراوبوو و نامەی ئەو پەنابەرانەی بەزۆر گیراونەتەوە کوردستان پێشکەش کرا .

هەمان رۆژ کاتژمیر 10 ی سەرلەبەیانی لە پەرلەمانی ئەوروپی وەفدێکی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،Karen Jhnson,Nicoles Dessaux,Celine Pauvos ) لەگەل بەریز(Jean Lambert ) چاویان کەوت بە بەریز(Michael Konther) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرسی( European Commiission&National Export for Immigration and asylum)

هاوكات وەفدی ناوبراو چاوی كەوت بە(Manfred Weber) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی بەرپرس لەگروپی( Christian Democrats ) وە هەروەها كاتژمیر 3 پاشنیوەرۆ چاویان كەوت بە هەردوو ( Lilli Gruber ,Pasqalina Napoletano) ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی وبەرپرس لەگروپی (Socialist)ی ناو پەرلەمانی ئەوروپی .

لەم دیدارو چاوپێكەوتنانەدا دەشتی جەمال لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و كوردستان بەدریژی قسەو باسی كرد و ئاماژەی بە بارودۆخی پەنابەران لە وولاتە ئەوروپیەكان وكیشە گرفتەكانی پەنابەران و مەسەلەی نیشەجی بوون و بەرگری لەمافەكانیان و بەهرەمەند بوونیان لەماڤی پەنابەری و هەروەها گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد لەلایەن حكومەتی بەریتانیا و ئەو كارانەی فیدراسیۆن و بەرە لەو راستایەدا ئەنجامی داوە، كرد . داوای هاوكاری و پشتیوانی كرد خوازیاری ئیدانەی پەرلەمانی ئەوروپی بۆ ئەو وولاتانە بوو كە ریز لە مافەكانی پەنابەران ناگرن. هاوكات رێگا چارەی فیدراسیۆن بۆ حلی كیشەی پەنابەران قسەو باسی كرد ..ئامادەبوانی ئەم كۆبوونەوانە سەرباری پشتیوانی كردن بریاریان دا لەچەند ئاستدا هاوكاری وكۆمەكی خۆیان سەبارەت بەكیشەی پەنابەرانی كوردو عیراقی لە پەرلەمان و دەزگا پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان باس لیٚبكەن و بەڵگەو زانیاریەكانی فیدراسیۆن بگەیەنن بە پەرلەمانتارەكانی تر.

بەم شێوە فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت توانیان بۆ یەكەمین جار كیشە و گرفتەكانی پەنابەرانی كوردو عیراقی ببەنە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپی و سەرۆكی پەرلەمان. فیدراسیۆن بە دانی ریگای چارەی كارساز واقعی بۆ حلی كیشەی پەنابەران و وەلام دانەوە بەخواست و داوكاریەكانی پەنابەران و پێشكەشكردنی شكایەت لەسەر دەولەتی بەریتانیا و دانی پەیامێكی ڕۆشن بە هەر دەولەتێكی تری ئەوروپی كە بیەوێت هەمان سیاسەتی بەریتانیا ئەم مەسەلەیەدا پەیڕەو بكات. لە ڕاستیدا بووەتە ناوكۆكەی بەرەیەكی ئینسانی و پێشكەوتوو خواز بردە پێشەوە. هەروا فیدراسیۆن جارێكی تریش نیشانی دایەوە كە لە ئاستی فشار خستنە سەر پەنابەران بیٚ دەنگ نابیٚ وپیداگری دەكات وە لەپشتی ماف و حورمەتی خەڵكی پەنابەری كوردستان رادەوەستیٚ تا بەرەسمیەت ناسینی ماڤی پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون.

**سەركەویٚ خەباتی یەكگرتووی پەنابەران**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2006-10-14

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** www.csdiraq.com **Dashty J amal :Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk **mobile**: 07877489626 **or** 07866757213 **Office**: 0161 234 2784